


# یارمەتیمان بدە حکومەت بگۆڕین.

تۆ هاوڕایت کە سویدێکمان دەوێت بە بەهای باش گۆشکرابێت؟ کە هەموو خەڵک مافیان هەبێت لە ژیانی خۆیان بەرپرسیار بن، بەڵام ئەو ئازادیەیش بەرپرسیارێتیی لەگەڵدایە؟ کەواتە ئێمە هاودیدی یەکترین سەبارەت بەو بەها بنەڕەتیانە.

ئەرکی سیاسیەکانە دۆخێکی خوازراوی وا بخولقێنن بۆ ئەوەی خەڵک لە ژیانێکی باشدا بژین. دەبێت پۆلیس بەهێز بکەین، سیستمی چاودێریی تەندروستی بەرەوپێشتر ببەین، وە سیستمێکی قوتابخانەی وامان هەبێت رێگە لە کەس نەگرێت و کەس لە دواوە جێنەمێنێت. لەبەر ئەوەیە پێویستمان بە حکومەتێکی نوێیە. حکومەتێکی هاوپەیمان!

رۆڵبگێرە کە کارکردن بۆ سویدێکی باشتر!

www.kristdemokraterna.se/blimedlem

facebook.com/kristdemokraterna
Insta: @buschebba
Twitter: @kdriks, @buschebba

## ئەو بەهایانەی دەتوانیت متمانەیان پێبکەیت

KD حیزبێکی ئایدۆلۆجیە. ئێمە حیزبێکی ئازادیوست و هاوڕێی بازارین کە جەخت لەسەر بەرپرسیارێتیی خۆمان دەکەینەوە بۆ هاوڕێکانمان لە کۆمەڵگەی مرۆیی. سیستمی باجی ماقوڵمان دەوێت و دەمانەوێت رێگە لە بەفیڕۆدانی پارەی باجدەر بگرین، وە هێڵێک دەکێشین لە نێوان ئەو شتانەی بەرپرسیارێتیی سیاسەتن لەگەڵ ئەوانەی بەرپرسیارێتیی سیاسەت نین. "ڕێرەوی بۆچوون - Opinion Corridor"مان تێکشکاند، رەگی جوڵانەوەکەمان رێکەوتنی دیسێمبەر/کانوونی یەکەمی هەڵوەشاندەوە، بەدرێژایی ماوەی فەرمانڕەوایی هەولماندا حکومەتی چەپەکان هەڵبووەشێنینەوە، هێزی باڵەکانی پشتی دەرکەوتنی *#transportgate* بووین کە دوو وەزیری لەکار لادا. بەشێکی جێگیری هەموو حکومەتە ناوەندە-ڕاستەکان بووین لەو کاتەوە داخلی Riksdag بووین لە 1991. شوێنی خۆت لەگەڵ ئێمە دەزانیت. وەک بەشێک لە پاکێجێکی گەورەتر، حیزبێکت هەیە کە بوێرە یەکەمجار بەها نەرمەکان جێبگرێتەوە. سەلامەتی، چاودێریی تەندروستی، و خۆشگوزەرانی.

## بنیاتنەرانی کۆمەڵگە

بە پێچەوانەی لیبراڵ و سۆشیالیستەکان، ئێمە لە دیموکراتی مەسیحی هیچ کۆمەڵگایەکی یۆتۆپیایی/کامڵتان بۆ وێنا ناکەین. چۆن نەخشەیەکی بنچینەیی لە ئارادا نیە. لە جیاتی ئەوە، ئێمە لەسەر بنەمانی بەها باشەکان کاردەکەین. هیچ کەسێک کامڵ نیە و هیچ کۆمەڵگایەکیش کامڵ نیە. لەو کۆمەڵگە باشەی ئێمە دەمانەوێت، نە تاک و نە کۆمەڵەکان فەرامۆش ناکەین، بەڵام تیشک دەخەینە سەر ئەو کۆمەڵە سروشتیانەی بوونیان هەیە لە نێوان: هاوبەشێکی ژیان، خێزان، هاوکاران، هاوڕێیان، کۆمپانیاکان، دامەزراوەکان و رێکخراوە خێرخوازیەکان. ئێمە بنیاتنەرانی کۆمەڵگەین.

## تێڕوانینە پێشوەختەکان

پێویست ناکات کەسێکی ئاینی بیت بۆ ئەوەی ببیت بە حیزبی دیموکراتی مەسیحی. باوەڕکردن بە پلاتفۆرمی حیزبەکەت بەسە. ئەوەی کە وا نیشاندەدرێت ئێمە لە پارتە ماماناوەندەکان، سۆشیال دیموکراتەکان و لیبراڵەکان، یان ئەوانەی بەشداریی دەنگدان ناکەن، لە وکتەیەک زیاتر هیچی تر نیە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە هەرگیز ئەو راستیەمان نەشاردوەتەوە کە سیاسەتەکانمان لەسەر بناغەیەکی پتەو دارشتووە کە بە درێژایی کات بە جێگیری ماونەتەوە، وە کەڵەپووری مەسیحی-جولەکە بەردی سەرەکیی ئەم بناغەیە.

> خۆشگوزەرانیی سوید سوودی چیە ئەگەر نەتوانین چاودێری وەربگری لەو کاتەی کە پێویستمانە؟ن ئەگەر چاودێریی بەساڵاچووان و نەخۆشەکان نەکەین؟ ئەگەر پشتیگیریی راست نەکەین کۆمەڵگاکەمان بەجێدەمێنێت.

# گرنگترین کێشەکانمان

## بەرپرسیارێتیی ئەنجوومەنی ناوچە دەخرێتە سەر نەخۆشخانەکان

دابەشبوونی چاودێریی تەندروستی بەسەر 21 ئەنجوومەنی ناوچەی جیاواز بەس نیە و نادادپەروەرانەیە. دەتوانین ماوەی چاوەڕوانیی وەرگرتنی چاودێریی تەندروستی کورت بکەینەوە و چاودێریی باش بۆ هەمووان دابین بکەین ئەگەر هاتوو دەوڵەت ئەرکی سەرەکیی چاودێریی تەندروستیی لەئەستۆ بگرێت.

## دروستکردنی خانووی زیاتر بۆ بەساڵاچووان

سیاسەتی هەنووکەیی دەبێتە هۆی کورتهێنان لە خانەی بەساڵاچووان بۆ نزیکەی 20,000 بەساڵاچوو تا ساڵی 2030. ئەمەیش واتە ئێمە ناتوانین چاودێریەکی باشی کۆتایی تەمەن بۆ هەمووان دابین بکەین. چارەسەری ئەم کورتهێنانە بیناتنانی نشینگەی زیاترە.

## بەهێزکردنی لایەنی دارایی بۆ بەساڵاچووان

کۆتاییهێنان بە باجی خانەنشینی و کەمکردنەوەی باج لەسەر ئەو بەساڵاچووانەی دەیانەوێت کار بکەن. زیادکردنی دەستگیرۆیی نیشتەجێبوون و سەقفتی کرێ.

## "نەخێر" بۆ مۆڵەتی دایبابیی مەرجدار

خێزانەکان خۆیان باشتر دەزانن چی چارەسەرێک بۆ خۆیان گونجاوە. بۆیە ئێمە دەڵێین "نەخێر" بۆ مۆڵەتی دایبابیی مەرجدار و "بەڵێ" بۆ مۆڵەتی دایبابیی بێمەرج. دەمانەوێت باج لەسەر ئەو خێزانانە کەمبکەینەوە کە منداڵیان هەیە.

## دامەزراندنی 10,000 ئەفسەری پۆلیسی زیاتر

ئێمە دەمانەوێت بە دۆخی کاری باشتر، موچەی بەرزتر و ئەفسەری پۆلیسی زیاتر قەیرانە پۆلیسیەکانی چەند ساڵی رابردوو چارەسەر بکەین. سوید پێویستی بە 10,000 ئەفسەری پۆلیسی زیاترە.

## ڕاگرتنی بەفیڕۆدان

ئەو پارانەی دەکرێن بۆ خۆشگوزەرانی بەکاربهێنرێن، لە دەستگیرۆیی گران، بەخشیشی ناشایسە، پرۆژەی بینای بێسوودی شارەوانی بەفیڕۆ دەچن. ئێمە دەمانەوێت ئەمە رابگرین.



سەرکردەی حیزبی دیموکراتی مەسیحی
EBBA BUSCH THOR